# تێرۆریزم وەک شیکردنەوەی جیهان لە هزری سیاسیی ژان بۆدریار دا

**پ.ی.د. ئازاد حەمە عەبدوڵا***

وشه کلیلییه‌کان: تێرۆریزم، جیهان، هزری سیاسیی ژان بۆدریار، رووداوی ٩/١١، جیهانگیریی
https://doi.org/10.31271/jopss.10083

**پوختە**

ژان بۆدریار(١٩٢٩-٢٠٠٧) یەکێکە لە ناسراوترین بیرمەندە کۆمەڵایەتیی و کولتورۆلۆژیستە هاوچەرخەکانی فەڕەنسا و، هزری کۆمەڵایەتی هاوچەرخیش شتێکی دابڕاو نییە لە بەرهەمەکانی ئەم بیریارە فەڕەنسییە، کە کاریگەری گەورەی هەبووە لە سەرهەڵدانی بیری پاشنوێگەریی. هەروەها پاش رووداوەکانی١١ی سێبتەمبەری٢٠٠١ (کورتکراوەکەی٩/١١)، تێرۆریزم وەک دیاردەیەکی سیاسیی جیهانیی بووە یەکێک لە تێزە سەرەکییە فەلسەفییە-سیاسییەکانی ئەم بیرمەندە و لێرەوە جۆرێک لە تێرۆریزم سەریهەڵدا، کە بووە دیاردەیەک و لە هزری سیاسی ژان بۆدریار بناغەی دانا بۆ خوێندنەوەی دۆخی سیاسیی جیهان. لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا جەخت لەوەدەکەین، کە لێدانی دوو تاوەرەکەی گەڕەکی مانهاتانی نیویۆرک بۆ تێکدانی ئەو دەسەڵاتە سیاسیی و ئابوورییە جیهانییە بوو، کە سەرکردایەتی گشت بزاوتێکی ئابووریی و سیاسیی جیهانی دەکرد. کەوابێت تێگەیشتنەکانی ئەم توێژینەوەیە لەبارەی تەماشاکردنەکانی ژان بۆدریار لەسەر بناغەیەکی فەلسەفیی-سیاسیی خۆیان بنیاتدەنێن، کە لەوێڕا لایەنە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکان بەجۆرێک بەرباس دەخرێن، کە دەرگا بۆ تێگەیشتن لە جیهانبینیی سیاسیی ئەم بیریارە فەڕەنسییە دەکەنەوە سەبارەت بە دیاردەی تێرۆریزم و وتاری جیهانگیریی رۆژئاوایی.

زۆرێک لە ئەمڕۆدا دەپرسن بۆچی کاری تێرۆریستیی دەبێت هەبێت؟ تێرۆریستەکان چییان لە رۆژئاوا دەوێت؟ ڕەنگە توێژینەوەکانی بۆدریار سەبارەت بە تێرۆریزم، کە بەشێکن لە هزرە سیاسییەکەی، دەروازەیەکی باش بن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە. لەبەرئەوەی لە هزری سیاسیی بۆدریاردا تێرۆریزم دیاردەیەکە دەخرێتەبەر شیکارییەوە و لەڕێگای ئەم دیاردەیەشەوە بۆدریار جیهانی سیاسیی نوێی پێشیدەکاتەوە. لایەنێکی تری ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە هزری سیاسیی بۆدریار تایبەت بە تێرۆریزم ئەوەمان پێدەڵێت، کە جیهانگیریی رۆژئاوایی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسیارە لە نادادییەکان و هێرشە تیرۆریستییەکان. بۆیە ئەم توێژینەوەیە ئەو گرنگییەیە دەردەخات، کە لە هزری سیاسیی بۆدریار دا بە دیاردەی تێرۆریزمی پاش رووداوەکانی١١ی سێبتەمبەری، وەک شیکردنەوەی جیهان دراوە و دوو ئامانجی سەرەکیش لەخۆدەگرێت. ئامانجی یەکەم بریتییە لە کارکردن لەسەر ڕەوتی شیکاری بۆدریار سەبارەت بەو جۆرە تێرۆریزمەی باسکرا. ئەویتر ئەوەیە، کە جۆرێکی تری تێرۆریزم بەرباسدەخرێت، کە وتاری جیهانگیری رۆژئاوایی لە ناخیدا حەشاریداوە.

**ملخص**

**الإرهاب كتحليل للعالم في الفكر السياسي لجان بودريار**

جان بودريار (١٩٢٩-٢٠٠٧) هو أحد أشهر المفكرين الاجتماعيين و الثقافيين الفرنسيين المعاصرين، والفكر الاجتماعي المعاصر لا ينفصل عن أعمال هذا المفكر الفرنسي، التي كانت لها تأثير كبير على

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت / زانکۆی سلێمانی jalal.mistaffa@univsul.edu.iq

ظهور فكر ما بعد الحداثة. بعد أحداث ١١ سبتمبر ٢٠٠١ (٩/١١)، أصبحت ظاهرة الإرهاب إحدى أهم الأطروحات السياسية الفلسفية لهذا المفكر. ومن هنا ظهر نوع من الإرهاب أصبح ظاهرة وأرسى الأساس للفكر السياسي لجان بودريلار لقراءة الوضع السياسي للعالم. نؤكد في هذا البحث أن الهجوم على البرجين في مانهاتن، نيويورك، كان لتدمير السلطة السياسية والاقتصادية العالمية التي أشرفت على جميع الحركات الاقتصادية والسياسية العالمية. لذلك، تستند مفاهيم و وجهات نظر جان بودريار على أساس فلسفي سياسي، أذ تتم مناقشة الجوانب السياسية والأيديولوجية بطريقة تفتح الباب أمام النظرة العالمية السياسية لهذا المفكر الفرنسي حول ظاهرة الإرهاب والعولمة الغربية.

في أيامنا هذا يتساءل الكثير لماذا يجب أن يكون هناك نشاط إرهابي؟ ماذا يريد الارهابيون من الغرب؟ قد تكون دراسات بودريار للإرهاب، والتي هي جزء من فكره السياسي، بوابة جيدة للإجابة عن هذه الأسئلة. لأن الإرهاب في الفكر السياسي لبودريار هي ظاهرة يتم تحليلها ومن خلالها يقوم بتحليل العالم. و جانب آخر من الفكر السياسي لبودريار حول الإرهاب يشير إلى أن العولمة نفسها مسؤولة إلى حد كبير عن الظلم والهجمات الإرهابية. لذلك، توضح هذا البحث الأهمية المعطاة لظاهرة الإرهاب بعد أحداث ١١ سبتمبر في الفكر السياسي لبودريار كتحليل للعالم له هدفان رئيسان. الهدف الأول هو العمل على تحليل بودريلار لنوع الإرهاب المذكور. والثاني هو أنه تتم مناقشة نوع آخر من الإرهاب، والذي يخفيه خطاب العولمة الغربية في صميمه.

**Abstract**

**Terrorism as an Analysis of the World in Jean Baudrillard's Political Thought**

Jean Baudrillard (1929-2007) is one of the most famous contemporary French social theorists and culturologist, and contemporary social thought is inseparable from the works of this French thinker, who had a significant impact on the emergence of postmodern thought. . After the events of September 11, 2001 (9/11), the phenomenon of terrorism became one of the main philosophical-political theses of this thinker. And hence a kind of terrorism emerged, which became a phenomenon and laid the foundation for the political thought of Jean Baudrillard to read the political situation of the world. In this research, we emphasize that the attack on the two towers in Manhattan, New York, was to destroy the global political and economic power that supervised all global economic and political movements. Therefore, the understandings of Jean Baudrillard's views are based on a philosophical-political foundation, where political and ideological aspects are discussed in such a way that opens the door to understanding the political worldview of this French thinker on the phenomenon of terrorism and Western globalization.

Today many ask why there should be terrorists activities? What do the terrorists want from the West? Baudrillard's studies of terrorism, which are part of his political thought, may be a good path to answering these questions. Because in Baudrillard's political thought, terrorism is a phenomenon that is analyzed and through it he analyzes the world. Another aspect of Baudrillard's political thought on terrorism suggests that globalization itself is largely responsible for injustices and terrorist attacks. Therefore, this research shows the importance given to the phenomenon of terrorism after the events of September 11 in Baudrillard's political thought as an analysis of the world that has two main objectives. The first objective is to work on Baudrillard's analysis of this type of terrorism. The second is that another type of terrorism is being discussed, which Western globalization discourse hides at its heart.

# پێشەکی

لەوێوەکە ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر دیاردەی تیرۆریزم دەکات وەک شیکردنەوەی جیهان لە هزری سیاسیی ژان بۆدریاردا، هەربۆیە کە ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە بابەتی شیکارییە گرنگیی شوێنی ڕووداوەکانی ٩/١١ یە لە هزری سیاسی بۆدریاردا. مەزنی ڕووداوەکەش وامانلێدەکات ئێمە لەلایەک هزری سیاسیی ئەم بیریارە لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا ڕاڤەبکەین، لەلایەکیتر دیاردەی ئەو تیرۆریزمە بخەینەبەر شیکردنەوە، کە لە سێپتەمبەری 2001 دا هاتەکایەوە، و لە هەمان کاتیشدا لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا بەدوای ئەوەشدا دەگەڕێین، کە شیاوەیەک لەبەردەم دادوەری بەسەر ئەو لایەنانەدا بکەینەوە، کە دیاردەی تیرۆریزمی ناوبراو دەبێتە دەروازەیەک بۆ شیکردنەوەی سیاسییانەی جیهان.

ئەوەی وترا وادەکات، لەم توێژینەوەیەدا لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی فەلسەفی سیاسییدا هزری سیاسیی بۆدریار لە پەیوەندی بەو ڕووداوانەی سێپتەمبەری ساڵی2001 ڕووبخەین و دەرفەت لەبەردەم گشت ئەو بۆچوونە هزرییە سیاسییانەشدا بکەینەوە، کە لەو بارەیەوە ئەم بیرمەندە فەرەنسییە کاری لەسەرکردوون.

گرنگی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا تیرۆریزم، لەو جۆرەی لە مانهاتان ڕوویدا، لە هزری سیاسیی ژان بۆدریاردا پەرچە کردارێکە دژ بە شێوازی ژیانی ڕۆژئاوا. ئەم شێوە تیرۆریزمە، کە توندوتیژی لەگەڵ خۆی دێنێت وەک هێزێکی دۆزەخی دەبێت بە پەرچەکرداریی دژ بە جیهانگیریی، کە پەیامێکی ڕۆژئاواییە. لە ڕاستیدا ئەم دوو پەرچەکردارییە (تیرۆریزم و جیهانگیریی)هەمان شتن. ئەمەیش لەبەرئەوەی، کە هەر ڕۆژئاوایە ئەو شێوازەی لە ژیان بەرهەمهێناوە، کە تیرۆریزمی دروستکرد و، هەردوو پەرچەکردارییەکەش نیشانەن لەسەر ئەو تەوژمەی ناوی جیهانگیریی بەخۆوە گرتووە، کە زۆرجار لە ژێر ناویتریشدا دەردەکەون، لەوانە: هێزی ئابووریی و کلتووری جیهانی، شارستانیی نوێی ڕۆژئاوا و سیستمی نوێی جیهانی و ...... هتد.

کێشەی توێژینەوەکە: بریتییە لە خستنەڕووی تێگەیشتنێک بۆ واتای تیرۆریزم وەک شیکردنەوەی جیهان لە هزری سیاسیی ژان بۆدریار دا. بۆ ئەمەش توێژینەوەکە هەوڵ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییانە دەدات: ئەو تیرۆریزمەی لەگەڵ ڕووداوەکانی ٩/١١ دا سەریهەڵدا جیهانیی پێشیدەکرێتەوە؟ دیدی سیاسییانەی بۆدریار واتای تیرۆریزمی نوێ وەک ڕێگایەک بۆ شیکردنەوەی جیهان دەخاتە ژێرپرسیارەوە؟ هەروەها لە هزری سیاسیی بۆدریار دا ئەو هێزانە بەرباسدەخرێن، کە ئەو شێوە تیرۆریزمە بەخێودەکەن، کە جیهانگیریی ڕۆژئاوایی لە ناوچە هەژارەکان بەرهەمیهێنا؟

گریمانەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە لە هزری سیاسی بۆدریار دا دیاردەی تیرۆریزم لە کۆمەڵگەی هەنووکەدا ترسە لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووریی جیهانیی و ئامرازێکیشە بۆ شیکارکردنی تیرۆریزمی ئابووریی ڕۆژئاوا و ئەو توندوتیژییە جیهانییەی بەهۆی ڕووداوەکانی ٩/١١ بڵاوبووەوە. بۆیە لەمیانەی هزری سیاسی بۆدریارەوە لەو پاڵنەرانە تێدەگەین، کە لە پاش ڕووداوەکانی ٩/١١ لە پشت دیاردەی تیرۆریزمی جیهانییەوەن.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ئەو لایەنانە شیبکەینەوە لە هزری

سیاسیی بۆدریاردا سەبارەت بە دیاردەی تیرۆریزمی پاش ڕووداوەکانی ٩/١١ سەرنجدارن. هاوکات لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەو گرنگییە دەرخەین، کە لە هزری سیاسیی بۆدریار دا بە تیرۆریزمی لەو جۆرەی هێمای بۆکرا وەک شیکردنەوەی جیهان دراوە.

مێتۆدی توێژینەوەکە: لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا مێتۆدی شیکاریی بەکاربراوە تا لەڕێگای دیاردەی تیرۆریزمی پاش ڕووداوەکانی ٩/١١ وەک شیکردنەوەی جیهان لە هزری سیاسیی ژان بۆدریار بکۆڵینەوە.

پەیکەربەندی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و پێنج بەش و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا لەڕێگای دوو خواستەوە قسە لە دیزاینی هزری سیاسیی ژان بۆدریار دەکەین و لەوێدا ڕەوتی هزری سیاسیی ژان بۆدریار دیاریدەکەین و ئەوەش دەستنیشاندەکەین، کە ڕووداوەکانی ٩/١١ هزری سیاسیی بۆدریار پێکدێنن تایبەت بە تیرۆریزم. لە بەشی دووەمدا بەهۆی دوو خواستەوە لێتوێژینەوەدەکەین لە چەمکی ڕووداو و کردەی تیرۆریستی ٩/١١ لە هزری سیاسیی بۆدریاردا. لە بەشی سێهەمدا لەمیانەی دوو خواستەوە گەڕەکی مانهاتان، کە هێمای جیهانگیریی و جوانکاریی تەلارسازییە لە هزری سیاسیی بۆدریار دا، شیدەکەینەوە. لە بەشی چوارەمدا بەهۆی دوو خواسەتەوە ڕووداوی تیرۆریستی، وەک ڕووداوی جیهانیی و هێمایی بەرباسدەخەین. لە دوا بەشدا جیهانگیریی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر توندڕەوی ئیسلامیی لە هزری سیاسیی بۆدریار دا گفتوگۆدەکەین. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: دیزاینی هزری سیاسیی ژان بۆدریار

### خواستی یەکەم: لە شیکردنەوەی نیشانەوە بۆ شیکردنەوەی دیاردەی تیرۆریزم

ئەستەمە مرۆڤ لە هزری سیاسیی بۆدریار تێبگات بێئەوەی تێگەیشتنێکی پێشوەختی لەسەر ئەندێشەی فەلسەفی ئەم بیریارە نەبێت. ئەوەی لەمبارەیەوە شایەنی تێڕامانە سێ لایەنە: یەکەمیان ئەوەیە، کە بۆدریار هەر لە سەرەتای کارەکانیەوە بە ڕەخنەکردنی سیاسەتی ئابووریی و لێکدانەوەی سیستەمی بەرهەمهێنانی شمەک لە شارستانیی نوێ سەرقاڵبووە(Baudrillard,2019)، کە ئەوەیش تەنیا ئەو شمەکە ئابوورییە ڕووتە ناگرێتەوە، کە بازاڕی جیهانی بە ساخکردنەوەیەوە سەرقاڵە، بەڵکو ئەوەیش دەگرێتەوە، کە چۆن بازاڕ کار بۆ بەشمەککردنی گشت بەهاکان values دەکات و پێش هەمووشیان جوانکارییەکان. بۆدریار بانگەشەی ئەوە دەکات، کە کاڵاکان بەقەد بەهای نیشانەیان دەکڕدرێن و نمایش دەکرێن، هەروەها دیاردەی بەهای نیشانە بووەتە پێکهاتەیەکی جەوهەری کاڵا و بەکاربردن لە کۆمەڵگەی بەکاربەردا(Baudrillard, 1998, 122-136). لایەنی دووهەم ئەوەیە، کە پاش ئەوەی بۆدریار ڕێگای بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرتەبەر گۆڕانێکی هزریی سیاسییانە لە شیکارییەکانیدا ڕوویدا. ئەم گەشتەی بۆدریار بەرەو ئەمەریکا لە گەشتەکانی بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی ئەڵمانی ناچێت، کە لەبەر زەبری جەنگ و هەڕەشەی نازییەکان خۆیان بە ئەمریکادا

کرد، بەڵکو لە گەشتەکەی فەیلەسوفی سیاسیی فەرەنسیی دۆ تۆکفیل de Tocqueville دەچێت، کە لەڕێگای نوسینی کتێبی"لەمەڕ دێموکراسییەت لە ئەمەریکا" ئەمەریکایەکی نوێی بە رۆژئاواییەکان ناساند. بۆدریار لەسەرەتای گەشتەکەیدا کتێبێکی بەناوی "ئەمەریکا" (١٩٨٦) نوسی، کە تیایدا چەندین ڕەخنەی توند ئاڕاستەی دەسەڵاتی سیاسیی و کولتووری و ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات و ئەمەش دەشێت وەک دەروازەیەک بۆ هزری سیاسیی بۆدریار لێیبڕوانین .(Baudrillard,1990)

بەواتایەکیتر، لێڕوانینە سیاسییەکانی ئەم بیریارە پۆست مۆدێرنە بۆ ئەمەریکا و شارستانی پۆستمۆدێرنی رۆژئاوا لەگەڵ نوسینی کتێبی "ئەمەریکا"(١٩٨٦) هەتا کاتی نوسینی سەروتاری"ڕۆحی تێرۆریزم"( کە لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسیی لە ٣ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠١ دا بڵاوکراوەتەوە)( Baudrillard, 2007) هەست بەو فەلسەفە سیاسییە دەکرێت ئەم بیریارە سەبارەت بە شارستانیی رۆژئاوا بە گشتیی و ئەمەریکا بەتایبەتیی هێناویەتیەکایەوە. هەرچی لایەنی سێهەمە تایبەتە بە بابەتی ئەو تێرۆریزمەوە، کە لە دوای ڕووداوەکانی ٩/١١ سەریهەڵدا. ئەوەی سەرنجی تێگەیشتنەکانی بۆدریار بدات، دەبینێت بۆدریار کارێکی زۆری بۆ ئەوە کردووە پەیوەندییەک لەنێوان ڕووداوەکانی ٩/١١ و تەوژمی جیهانگیرییدا دروستبکات(Baudrillard,2002a). ئەم بیرمەندە فەرەنسییە لە زۆربەی کارە تیۆرییەکانیدا ڕەخنەی کولتوری رۆژئاوا و گوتاری سیاسیی جیهانگیرییە دەکات، کە بەرهەمی پرۆژەی مۆدێرنەیە. وەکیتر، بۆدریار بە پشتبەستن بە ڕوانینە هیچگەرا و گوماناوییەکانییەوە ساڵانێک سەرقاڵی شیکردنەوەی پرۆژەی مۆدێرنەی رۆژئاوا بوو، ئەو پرۆژەیەی نهێنیی شکۆی هزری سیاسیی و زانستیی شارستانیی رۆژئاوای لەخۆگرتووە.

کەم کەس لە پاش ئەدۆرنۆAdorno وە هێندەی بۆدریار فەلسەفەی بەسەر جوانکارییەکانی شارستانیی نوێوە کردووە. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە ئاستی شارستانیی تازەوە هەیە، کە ئەم بیریارەی والێکردووە بەم شێوەیە لێکدانەوە بۆ جوانکارییەکانی ناو ژیانی هاوچەرخەوە بکات. ئەڵبەتە رەوتی ژیانی نوێی رۆژئاوا و بەگشتیش مرۆڤایەتییە، کە وای لە بۆدریار کردووە بەو شێوازە بیربکاتەوە. وێرای ئەوە، بۆدریار، کە بەرهەمی خوێندنەوەکانیەتی بۆ نیچە و دواتر باتای Bataille، کە هەر زوو خۆی بە قسەکردن لە میدیای کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرن و بابەتی ڕاستی سەرگەرم کرد.

## خواستی دووەم: هزری سیاسیی بۆدریار و ڕووداوەکانی ٩/١١

پاش بڵاوبوونەوەی سەروتاری "ڕۆحی تێرۆریزم L’Esprit du terrorisme "لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسیی لە ٣ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠١ دا و بوونیشی بە پرۆژەی کتێبێک لە ژێر هەمان ناونیشاندا لە ٢٠٠٢ دا گفتوگۆیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، کە بۆدریار لەو کتێبەدا وروژاندبوونی(Baudrillard, 2007). هاوکات بۆدریار پاش ئەم کتێبە دەستی بە نوسینی چەند سەروتارێکی تر کرد، نەک هەر سەبارەت بە دیاردەی تێرۆریزم، بەڵکو لە هەمانکاتدا دەرگای بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەندین دیاردەی جیهانی تریش کردەوە، لەوانە: جیهانگیریی، توندوتیژی و سیستمی سیاسیی جیهانی، لێدانی جوانکاری تەلارسازی رۆژئاوایی، پێکدادانی کولتووریی، کە دواتر

بوون بە کتێبێک بە ناوی "هێزی دۆزەخPower Inferno "، کە لەلایەن چاپخانەی گالیلیێەوە لە ٢٠٠٢ دا چاپکراوە و سێ سەروتاری لەخۆگرت("گریمانەکردن بەسەر تێرۆریزمەوە Hypothèses sur le terrorisme"، نوێژی ماتەمینی بۆ دوو تاوەرەکە "Requiem pour les Twin Towers"، توندوتیژی گلوباڵLa violence du mondiale")(Baudrillard,2002b ). بەگشتی بۆدریار لە سەروتارەکانی کتێبی "هێزی دۆزەخ" دا گفتوگۆی ئەوە دەکات، کە توندوتیژی لە پاش ڕووداوەکانی مانهاتانەوە زۆر بڵاودەبێت و دەرفەتیش لەبەردەم تێرۆر زۆرتر دەکات. ئەو شێوە قسەکردنەش، کە بۆدریار لە بارەی توندوتیژییەوە دەیهێنێتە پێشەوە لە گەلێک ڕووەوە هەمان ئەو ڕەوانبێژییە فەلسەفییەیە، کە بۆدریار بە تێرۆرەوە تایبەتیکردوە.

لە حەفتاکان و دواتر لە هەشتاکانی سەدەی پێشوو، کە ئەو کات ڕۆژئاوا و ئەمەریکا بەوجۆرەی ئێستا نەبوون، بۆ بۆدریار ئەو شوێنانە هەر شوێنی دەسەڵاتی بەرهەمهێنانی بڕیاری سیاسیی و کۆبوونەوەی جەمسەرەکانی تەکنیکی نوێ و کەڵەکەبوونی پارە بوونە، هەر ئەو دەمە ئەم بیریارە فەرەنسییە زۆرترین ڕەخنەی ئاڕاستەی ئەو تێرۆریزمە کردووە، کە سێستەمی سیاسیی ڕۆژئاوایی بەرهەمیهێناوە (Baudrillard,2010). بۆیە لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگ دژی تێرۆریزم War on Terrorism، ئەم بیریارە سەرنجە سیاسییەکانی پتر خستە سەر ئەمەریکا و ڕۆژئاوا.

بەپێی ئەندێشەی سیاسیی بۆدریار سیستەمی سەرمایەداری ئەو سیستەمە لاوازەی دروستکرد، کە سیستەمی هێزی جیهانییە (Rognlien, 2013)، سیستەمێک، کە جیهانگیریی دروستکرد و بناغەشی بۆ نادادی دانا. هەروەها ئەوەی لە مانهاتان، لە گەڕەکێکی نیویۆرک، ڕوویدا، ڕووداوێکی ڕاستەقینە بوو و لەگەڵ بەرجەستەبوونیشی شوێنێکی دیاری بۆخۆی لە گفتوگۆی دیاردەی تێرۆریزمی نوێ دەستنیشانکرد. ئەو شوێنە بۆ ئەم بیریارە زۆر واتادارە، هیچ نەبێت لەبەرئەوەی مەڵبەندی هێما(سیمبۆل)ی سەرمایەداریی جیهانیی بوو. ڕووداوەکە، کە پێمانوایە بووە هۆی دروستبوونی جەنگێک، کە لە میدیاکاندا پاشان ناونرا جەنگ دژی تێرۆریزم، ئەم جەنگە وەکو هەموو جەنگەکان لە دوو بەرە پێکهات و هەردوو بەرەکەش پاساودانی جەنگەکەیان بە شێوازی خۆیان کرد.

لێرەوە دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی، کە شیکردنەوەی ڕووداوە تێرۆریستییەکانی ٩/١١ ئاسۆی هزری بۆدریاریان بەرینترکرد و لەگەڵ بابەتی تێرۆر بابەتگەلێکی تریش بوونە جێی باس، لەوانە: جیهانگیریی، مۆدێرنە، بەهێمابوون، دروستبوونی وێنە، مێدیا و ڕاستیی، سیستەمی ئابووریی و سیاسیی جیهانی، لە هەمووی سەیرتر، لە دوای ئەو ڕووداوانەوە خودی ئەوەی پێیدەڵێن حاکمیەتی شارستانیی ڕۆژئاوا، لە گشت کاتێک زیاتر بوو بە شوێنی ئاوڕدانەوەی سیاسییانەی بۆدریار.

## بەشی دووەم: چەمکی ڕووداو و کردەی تێرۆریستی ٩/١١ لە هزری سیاسیی بۆدریاردا

### خواستی یەکەم: دیاردەی ڕووداو

بە بۆچوونی بۆدریار ڕووداو بەوە لەوەی، کە ڕووداو نییە، لە نا-ڕووداو non-event جیادەکرێتەوە، کە هێشتا ڕوونەداوە، وەک جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١(Baudrillard, 1995).

بەپێی تێگەیشتنی بۆدریار ئەوەی لە ١٩٩١ دا لەنێوان عێراق و ئەمەریکا دا ڕوویدا، جەنگ نەبوو بەقەد ئەوەی، کە لە بنەڕەتدا جەنگی سەر شاشە بوو، یان بە قەولی خۆی جەنگی کەنداو ئەو جەنگەیە، کە هەرگیز شوێنی بەخۆی نەگرت. واتە ئەوەی ڕوویدا، نە جەنگ بوو، نە وەک جەنگ شوێنی بۆ خۆی دۆزییەوە(Kampmark, 2003). جەنگی کەنداوی ناوبراو شوێنی بەخۆی نەگرت، چونکە روویندا. ئەی چی روویدا؟ ئەوەی روویدا جەنگی میدیا و پروپاگەندەی وێنە بوو (Ibid). بۆدریار ئەوەی بەناوی جەنگەوە ئەو دەمە لە ١٩٩١ دا روویدا بە جەنگی ساختە ناساند(Baudrillard,1995,49). جەنگی ساختە ناتوانێت رووداو دروستبکات. ئەوەی رووداوی ڕاستەقینە دیاری دەکات، ئەوەیە، کە ڕاستەقینە real و شیاو لە یەک کاتدا دێنەئاراوە و ئەگەری وێنابوونی هەیە(Baudrillard, 2006). کەواتە، رووداو لە ناو ریال real دا روودەدات نەک لەناو ساختەدا.

بۆدریار گرنگی بەو لایەنەش دەدات، کە ئامانجدارکردن و رێکخستنی رووداوەکان لە بنەڕەتدا لەلایەن خودی زانیارییەوە ئەنجام دەدرێت. زانیاری نوێنەرایەتی کاریگەرترین ئامێر دەکات. هەروەک چۆن ئابوری سیاسی ماشێنێکی زەبەلاحە بۆ بەرهەمهێنانی بەها value و سامان، بەڵام خودی سامان نییە، بە هەمان شێوە هەموو سیستەمێکی زانیاری ماشێنێکی بێئەندازەیە بۆ بەرهەمهێنانی رووداو وەک نیشانە(sign) (Ibid). ئەڵبەتە رووداوەکەی مانهاتان ئەو رووداوە بوو، کە زۆر هێماsymbol ی جیهانیی تێدابەدیکرا. خودی رووداوەکە ئێمەی بوونەوەری چاخی تەکنەلۆژیای زانیاریی والێکرد، کە هەموو پێکەوە لە دەوری ئەم رووداوە و ئاکامە بەدەکانیدا کۆببینەوە(Baudrillard, 2002a). بۆیە لە هزری سیاسی بۆدریار دا رووداوەکانی ٩/١١ وەک رووداو خۆیان نمایشکرد و هێمایان تۆمارکرد. ئەمەش لەبەرئەوەی، کە بەپێی هزری سیاسیی بۆدریار، مەرج نییە بەردەوام رووداو رووبدات. زۆر جار رووداوەکان بۆ ماوەیەک مان دەگرن، پاشان لەناکاو جارێکی دیکە دەتەقنەوە. هەروەک وترا، لە هزری سیاسی بۆدریاردا، رووداو دەشێت نارووداو -non event بێت. واتە هیچ روونەدات. ئەمە ئەو کاتەیە، کە رووداو لە پلەی سفری رووداو دا دەبێت .(Baudrillard, 2005)

وێڕای ئەوە، لە رەوتی ئاسایی رووداوەکاندا، شتەکان سەرەتا دەبێت شیاو بن و تەنها دوای ئەوە دەتوانن خۆیان بە راستی بکەن. بەڵام ئەوان، لەو حاڵەتەدا، ڕووداو نین بەو مانا بەهێزە، کە پێیدەوترێت رووداو (Baudrillard, 2006). بەپێی بۆدریار کاتێک رووداوێک و پەخشی ئەو رووداوە لە کاتی راستەقینەدا زۆر لەیەکتر نزیک دەبنەوە، ئەوا رووداوەکە دەبێتە شتێکی بێ بڕیار و مەجازی virtual ؛ ئەمەش وادەکات رەهەندی مێژوویی خۆی لێ زەوت بکرێت و لە یادەوەریدا لابرێت(Baudrillard, 2005). بۆ بۆدریار کێشەکە هەر ئەمە نییە، بەڵکو ئەوەشە، کە ترسی ئەوەی هەیە رووداو روونەدات، یان رووداوەکان بەهۆی خودی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەیانەوە لە "کاتی ڕاستەقینەدا" لەناو بۆشایی هەواڵ و زانیاریدا ونبن (Baudrillard,2006 ).

بۆدریار لەو کارانەیدا، کە بۆ تیرۆریزم یان رووداوەکانی ٩/١١ ی تەرخانکردووە، ناوەڕۆکێکی فەلسەفەیی سیاسییانەی بۆ دارشتووە. جا ئەوەی ئێمە بە تیرۆریزم ناویدەبەین ئەم بیرمەندە لەو

کارانەیدا بە رووداو لەقەڵەمیدەدات. بۆدریار لە کارەکانی لەوەو بەریدا، پێش رووداوەکانی ٩/١١ ، لە فۆرمێکی تر تیرۆریزم و جەنگ شیدەکاتەوە، بۆنموونە لە کتێبی"ئەمریکا"، ١٩٨٦، و لە کتێبی "ئەو جەنگەی شوێنی بەخۆی نەگرت"، ١٩٩١ ، کە لە بارەی جەنگی دوهەمی کەنداوەوە نوسراوە. شایانی باسیشە، ئەندێشەی سیاسییانەی بۆدریار لە دوای ئەو دوو کارەیەوە پتر گەشەیکردووە و ئەمەش لە دوو کارە ناوادارەکەی تایبەت بە رووداوەکانی ٩/١١(ڕۆحی تیرۆریزم و هێزی دۆزەخی) هەستپێدەکرێت و ئەوەشمان بیردەخاتەوە، کە کاتێک ئێمە دووچاری رووداوێکی لەو شێوەیەی لە مانهاتان لە نیویۆرک و لە پنتاگۆن لە واشنتۆن بووینەوە، پێش ئەوە ئێمە بەبێ رووداو نەبووین و تاڕادەیەکیش شارستانییەکەمان لێوانلێوبووە لە رووداو. سەرباری ئەوە، بەپێێ بۆچوونی بۆدریار گشت رووداوەکانی پێش رووداوەکانی ٩/١١ رووداوگەلێکی گەورە و کاریگەر بوونە لە مێژوودا و زیانی خۆشیان لە مرۆڤایەتیی داوە (Baudrillard,2007). کەوابێت بۆدریار ئەو جۆرە تیرۆریزمە جیهانییە راڤەدەکات، کە لەگەڵ رووداوەکانی ١١ ی سێپتەمبەر سەریهەڵدا و خۆشی بە بەشێك لە کردەیەکی سیاسیی جیهانی دەناسێنێت.

بەپێی بینینی بۆدریار، رووداوی لە شێوەی رووداوەکانی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بوونی هەبووە و هەر هەمووشی ئیشی خۆی کردووە، بەڵام هیچیان ناگەنە ئاستی ئەو رووداوەی لە مانهاتان ڕوویدا. بۆدریار رووداوەکانی ٩/١١ بە رووداوگەلێکی بارگاوی بە هێما وێنەدەکات و بە شای رووداوەکانیشی لەقەڵەمدەدات، یان خۆی گوتەنیی رووداوی هاتنەخوارەوەی دوو تاوەرەکە "دایکی رووداوەکان"بوو. رووداوەکانی ٩/١١، کە روداوگەلێکی تیرۆریستانە بوو، لە بۆشاییەوە لەدایک نەببوو، بەڵکو لە پەیوەندیدا بوو بە جیهانی دەرەوەوە. ئەمەش بەو مانایە دێت، کە بۆ بۆدریار تیرۆر بەشێکە لە سروشتی ئابووری جیهانی ئەمڕۆ(Svenberg,2018,9). ئەمەش وایکرد، کە دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووریی جیهانیی سەرمایەداریی بەهۆی ئەو رووداوەوە دووچاری خورپەیەکی گەورە بێت. سەرباری ئەوە، رووداوەکان کارێکی وایانکرد، کە ئەمەریکا وەک هێمای جیهانگیریی و ئیسلامییش وەک هێمای تیرۆریزمێکی جیهانی بەکاربرێت. کەواتە رووداوەکانی ٩/١١ رۆڵییان دی لە دروستکردنی دوو هێما: ئیسلامیی توندڕەو و جیهانگیریی رۆژئاوا، کە بوونە دوو دژە جەمسەریش.

خواستی دووەم: رووداوەکانی ٩/١١ دایکی رووداوەکانە

بۆدریار لە کتێبی "ڕۆحی تیرۆریزم"دا، کە قوڵایی هزری سیاسیی بۆدریار پێکدێنێت، پێماندەڵێیت رووداوە جیهانییەکان لە مردنی شازادە دیانا تا مۆندیالی تۆپپێ- یان تا رووداوە توندوتیژ و راستەقینەکان، لە شەڕەکانەوە تا جینۆساید دەگرێتەوە. لێرەدا بۆدریار بەدوای رووداوی هێماییدا وێڵە، کە پانتایی جیهانیی هەیە و هاوکات هەر ئەم رووداوە هێماییە جیهانگیریش دەشکێنێت(Kampmark,2003). بۆدریار ساڵانی نەوەدەکان بە ساڵانی چەقبەستوویی بۆ دەرکەوتنی رووداو و "مانگرتنی رووداوەکان" دەزانێت، لێ بە بۆچوونی سیاسیی بۆدریار لەگەڵ هێرشەکانی نیویۆرک و ناوەندی بازرگانی جیهانیدا رووداوی رەها هاتەکایەوە، کە ناویدەنێت بە "دایکی رووداوەکان". بەقسەی بۆدریار رووداوی لەم جۆرە، هەرگیز پێشتر رووی نەداوە(Baudrillard,2007).

ئەوەی بۆدریار ناویدەنێت "دایکی ڕووداوەکان" ئەو ڕووداوەیە، کە بەهای هێمایی symbolic value بۆخۆی دروستکردووە. ئەمە لەلایەک ڕاستە، چونکە دۆزی سیاسیی و ئابووریی جیهان بەبێ گومانەوە فرێیداوینەتە ناو دەریایەک لە هێماوە، لەلایەکی تریشەوە نهێنیی بەهێمابوونی ئەو ڕووداوە لەگەڵ تێکچوونی هێمای جیهانگیرییدا دروستدەبێت. واتە "دایکی ڕووداوەکان" تێکشکێنەری جیهانگیرییشە. وێڕای ئەوە، ئەوەی لەنێوان تێرۆریزم و جیهانگیریی ڕۆژئاواییدا، ڕوویدا جەنگی جیهانیی چوارەمی لێدروستبوو. ئەو جەنگی جیهانیی چوارەمەی بۆدریار باسی لێوەدەکات لەگەڵ کەوتنی دوو تاوەرەکە لەدایکبوو( Baudrillard, 2004).

بۆدریار لە میانەی باسەکەیدا تایبەت بەوەی لە مانهات ڕوویدا، کە دەیکاتە بناغە بۆ لێکدانەوەی جیهان، دەچێتە سەر باسی جەنگی جیهانیی، بەڵام ئەم جەنگە جیهانییە جەنگی جیهانیی سێهەم نییە، بەڵکو جەنگی جیهانیی چوارەمە. سەرەتا ئەم بیریارە باس لە دوو جەنگە جیهانییەکە دەکات و وەک دوو جەنگی کلاسیکیش تەماشایاندەکات. بە بۆچوونی بۆدریار جەنگی جیهانیی یەکەم کۆتایی بە باڵادەستیی ئەوروپا و قۆناغی کۆلۆنیالیی هێنا. هەرچی جەنگی جیهانیی دووهەمە کۆتایی بە نازیزم هێنا. کەچی ئەوەی سێهەم، بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفیی ئەم ڕوناکبیرە، فۆڕمی جەنگی ساردی لەخۆگرت و کۆتایی بە کۆمۆنیزم هێنا. پاش ئەم هەموو جەنگانەش، ئەوەبوو مرۆڤایەتیی بەرەو تێرۆریزمێکی جیهانیی یەکلا ملینا. ئەم تێرۆریزمە، کە گلوباڵە خۆی لەسەر هێزێکی دژگەرا بنیاتدەنێت. لە کۆتاییشدا ناوبراو دێتە سەر جەنگێکی تر و بە جەنگی جیهانیی چوارەم ناویدەهێنێت و پێشیوایە ئەم جەنگە نزیکە(Baudrillard, 2007).

سەرباری ئەوەی وترا، گرنگە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە ڕووداوەکەی گەڕەکی مانهاتان لە وێنەی نییە و بکەرێکی گەورەیە، هەر ئەم ڕووداوە کارێکی وایکرد، کە مۆدێلی باڵادەستی ئابووری و سیاسیی ڕۆژئاوا بخرێتەژێرپرسیارەوە. ڕووداوەکە، کە بووەهۆی ئەوەی ڕۆژانە گوزارەی ئەنتی ئەمەریکانیزم و لەپاڵیشیدا ئەنتی سمیتیزم(دژەجووگەرایی) پتر لە جاران بەکاربهێنرێت، میدیاکانیش لەو ڕووەوە ڕۆژانە کەوتنە بەربەکاربردنێکی زۆری زاراوەی تێرۆریزم و لەتەک واتای ناسنامە و کولتووردا خستیانەگەڕ. ئەڵبەتە، پاش ڕووداوەکانی ٩/١١ بارێکی ئەوتۆش هاتەپێشەوە، کە ناوی تێرۆریزم زۆر گۆبکرێت و باسی جیهانگیریی ئەمەریکا و ئیسلامیی سیاسییشی وەک دوو جەمسەری دژ لەپاڵ ئەو ناوە بەر بەکاربردن بکەوێت.

کەواتە لەگەڵ هاتنەخوارەوەی دوو تاوەرەکە لە ناوچەی مانهاتان سێ زاراوە (تێرۆریزم، ناسنامە، کولتوور)بوون بە هاودەمی یەکتر و وەک دژە جەمسەریش بۆ ڕوونکردنەوەی یەکتر خۆیان خستە بەربەکاربردن. ئەم لایەنەش دەرگای لە سێمانتیکێکی (واتاناسی) نوێکردەوە، کە بەرهەمی ئەو جەنگە پۆست مۆدێرنە بوو پێوەیگلاین.

## بەشی سێهەم: مانهاتان هێمای جیهانگیریی و جوانکاریی

### خواستی یەکەم: هێمای جیهانگیریی

لە هزری سیاسیی بۆدریاردا گەڕەکی مانهاتان، کە دەکەوێتە نیویۆرکەوە، هێمای جیهانگیریی و جوانکارییە. جیهانگیرییەکە بە بوونی مەڵبەندی بازرگانی جیهانییەوە گرێدراوە، هەرچی جوانکارییەکەیە بەو دوو تاوەرەوە گرێدراوە، کە مانهاتانی کردبووە شوێنێکی دڵفرێن. واتە تەلارسازیی دوو تاوەرەکە جێگای باسە، چونکە جوانی بەخشن بە مانهاتان. سەرباری ئەوە، مانهاتان دوو جۆر تیرۆر لە خۆدەگرێت. مانهاتان لەلایەک شوێنی تیرۆری جیهانگیریی ئابوورییە، لەلایەکی تر شوێنی پەلاماری تیرۆریستی ئیسلامی توندڕەو. هاوکات ڕووداوەکەی مانهاتان تیرۆریزمیان وەک ڕووداوی جیهانیی و هێمایی نمایشکرد و بەوە مانهاتان بوو بە سەکۆیەک بۆ شیکارکردنی دیاردەی تیرۆری جیهانیی و پێککدادانی ناسنامەکان(Baudrillard,2004). ڕۆژی پێکدادانەکە، کە ڕێکەوتی ساڵی2001 ی ٩/١١ بوو، بووبە دەروازەیەک بۆ دابەشکردنی جیهان و پۆلینکردنی ناسنامە و ئاینەکان. چەوتییەکانی رابوردوو کارێکی وایانکرد، کە گشت ئەو ڕووداوانەی ژیاوین، ببن بە ڕۆڵەی ئەو ڕووداوەی لە ناوچەیەکی زۆر قەرەباڵغی جیهاندا لە مانهاتان ڕوویدا. ئەمەش لەبەرئەوەی، کە مەڵبەندی بازرگانی جیهانی، کە دەکەوێتە مانهاتانەوە نوێنەرایەتی هێزێکی ئابووری جیهانیی رەهای دەکرد بۆیە داڕمێنرا (Baudrillard, 2002a, 76).

ڕووداوەکەی مانهاتان بووەهۆی سەرهەڵدانی جەنگێک، کە پێشوەخت شوێنی بەخۆی گرت و دژ بە ماف و ئازادیی کەوتەوە. هاوکات ئەوەی لە مانهاتاندا ڕوویدا جەنگی نێوان دوو پەیام بوو، کە هەریەکەیان هێمای خۆیان هەیە. یەکەمیان هێمایەکی سێکولار و دوهەمیان هێمایەکی ناسێکولار. ئەمیان ئابووریخوازی و پارەگەرایی کردووە بە ویستی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی خۆی و ئەوی تریشیان فەوتانی خودی خۆی و مەرگبازیی کردووە بە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. وەکیتر، گشت نیشانەکان باس لەوەدەکەن ئەوەی لە مانهاتان ڕوویدا، پربوو لە دژبێژی (پارادۆکس) (Ibid,77)و یەکێک لە خەسڵەتەکانی دروستبوونی جەنگێکی توندڕەویی ئاینیی پۆست مۆدێرنانە بوو. ئاماژەکانی ئەم جەنگە پۆست مۆدێرنەش ئەوە بوو، کە جیهانی بەسەر دوو جۆر لە تیۆلۆژیادا دابەشکرد. وێڕای ئەوە، ئەوەی ڕوویدا بەریەککەوتنی شارستانیەت و ئایینەکان نەبوو و زۆر لەوە زیاتر بوو، کە ئیسلام و ئەمریکا، باسیدەکەن. هەردوولا لەڕێگای ئەوەی، کە ڕوویدا هەوڵی چڕکردنەوەی ململانێکانیاندا تا ورێنەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیار و چارەسەرێک لەسەر بنەمای هێز دروست بکرێت(Ibid, 36). کەواتە، بۆدریار دەخوازێت ئەوەش بڵێت، کە تارمایی ئەمەریکا ڕووبەڕووی تارمایی ئیسلام بووەوە و پاش ڕووداوەکانی ٩/١١ ش کەوتینە ناو دوو جۆر لە جیهانگیرییەوە.

بۆدریار ئەم ڕووداوەی مانهاتان بەوە لەقەڵەمدەدات، کە "دوو ئامرازی سەدەی بیستی یەکخست: جادووی سپیی سینەما و جادووی ڕەشی تیرۆریزم"(Baudrillard,2007 ). نەک هەر ئەم لایەنە، بەڵکو بۆ بۆدریار ئەوەیش سەرنجڕاکێشە، کە ئەو تیرۆرەی لە مانهاتن هاتەدونیاوە بە پاڵپشتی

میدیا جیهانیبوو و بووش بە بەشێک لە ڕووداوەکەی مانهاتان( Baudrillard,2006). ئەم بۆچوونەی بۆدریار ئەوەمان پێدەڵێت، کە تێرۆریستەکان، کە دوژمنی سەرسەختی میدیای ڕۆژئاوان، کە میدیایەکی جیهانگیرییە، تا ئەوپەڕی کەڵکیان لەم میدیایە وەرگرت. ئەم میدیا جیهانییە نەبوایە، تێرۆریستەکان خەونەکانیان نەدەهاتەدی و ئەوەی لە گەڕەکی مانهاتان تۆماریانکرد لەبیردەکرا.

## خواستی دووەم: هێمای جوانکاری تەلارسازیی

بۆدریار لە شیکارییە سیاسییەکانیدا مانهاتن تەنیا وەک مەڵبەندی هێزی جیهانگیریی ڕۆژئاوا تەماشاناکات، بەڵکو وەک هێمای جوانکاری تەلارسازییش لێیدەڕوانێت. بۆیە داڕمانی بیرکردنەوەی تەلارسازی ڕۆژئاواش هەر لەم شوێنەوە دەستپێدەکات. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی، کە ئەو ڕووداوەی تێرۆریستەکان لە مانهاتن دروستیانکرد هەر لێدانی زێدی جیهانگیریی تێدا مەبەست نەبوو، بەقەدئەوەی ئەو جوانکارییە تەلارسازییەش تێدا مەبەست بوو مۆدێرنە بە دیاری پێشکەشی جیهانگیریی کردووە.

دوو تاوەرەکەی مانهاتان هێمابوون بۆ تەلارسازی تازەی ڕۆژئاوایی. بۆیە تەقەلای تێرۆریستەکان بۆ لێدانی دوو تاوەرەکە تەقەلایەک بوو بۆ داڕمانی بیرکردنەوەی تەلارسازی ڕۆژئاوایی. بۆدریار بۆ ئەوەی شیکاریی بۆ ئەو دوو تاوەرە بکات دێت سەرەتا ئەو لایەنە ئەندازەییە ڕووندەکاتەوە، کە ئەم دوو تاوەرەی ڕاگرتووە و پاشانیش دێتە سەر چۆنێتیی داتەپینەکەی و ئەو یارییەش، کە ئەم دوو تاوەرە تێیکەوتن، کە دواتر بە مەرگیان کۆتاییهات(Ibid).

بۆدریار یەکێکە لەو بیریارە پۆست مۆدێرنانەی، کە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە تەلارسازیی مۆدێرن هەبووە. ئەم لایەنەش کارێکی وادەکات، کاتێک ئەم بیریارە قسەلە کارەساتی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی دوو تاوەرەکەی نیویۆرک دەکات لەلایەک کرۆکی دروستبوونی دوو تاوەرەکە نیشان دەدات و لەلایەکی تریش ئەوە باسدەکات (Baudrillard,2007)، کە چۆن مۆدێرنە جوانکارییەکانی شاری تێکداوە.

بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفی سیاسییانەی بۆدریار داڕمانی دوو تاوەرەکە سەرەکیترین ڕووداوی هێماین، لێدانی ئەو دوو تاوەرە بەمانای لێدانی هێزی جیهانیی بوو، بەڵام ئەو لێدانە، کە بە تێکشکاندنی ئەو هێزە کۆتاییهات پێشتر تاقینەکرابووەوە. ئەو دوو تاوەرە، کە نیشانەیەک بوو لەسەر ئەو هێزە، بەرجەستەی ئەو کۆتاییە دراماتامێزەشی کرد،کە بەسەر ئەو دوو تاوەرەدا هات و، لە کردەیەکی خۆکوژی دەچوو( Baudrillard,2002a, 46-47).

داڕمانی دوو تاوەرەکە بۆ بۆدریار گرنگترین وێنەی هێماین سەرنجێکی زۆری سیاسییانەشی دەخاتەسەر. ئەمەش لەبەرئەوەی مەبەستی بۆدریار لە هێمایی ئەو دوو تاوەرە ئەوەیە، کە دوو تاوەرەکە هێمابوون بۆ هێزی نەختی و لیبرالیزمی ئابووریی جیهانیی. هاوکات لایەنە تەلارسازییەکەی ئەم دوو تاوەرە گرنگییەکی ئەوتۆیی بۆ دوو تاوەرەکە دروستکردووە، کە شایانی وێرانکردن بێت، یان ببێتە هۆکاری لێدانەکەیان. بەم جۆرە لێدانی دوو تاوەرەکەی نیویۆرک بە داڕمانی ئەو هێمایە کۆتاییهات لەسەرەتای دروستبوونییەوە بەناوەکەیەوە لکابوو. سەیرەکەش لەوەدایە، بۆدریار پێیوایە

کەس، تەنانەت تیرۆریستەکانیش، نەیاندەزانی، کە دوو تاوەرەکە بەو جۆرە سەرلەبەر دادەڕمێن (Ibid, 48).

ئەو دوو تاوەرە بە بۆچوونی سیاسیی بۆدریار ماندووبوون لە بەهێمابوون و دەیانویست لەوەش بکەون، کە ئەو بارە قورسە ئەوەندە هەڵبگرن. دوو تاوەرەکە، کە کرابوون بە هەڵگری ئەو هەموو بارە، کە هێمابوونەکە بوو، دەبوو خۆیانی لێقوتاربکەن، کە ئەوەیش بە مەرگیان کۆتاییهات. ئەمەو بەپێی تێگەیشتنی بۆدریار داڕمانە هێماییەکە ئەو کاتە روویدا، کە ئەم دوو تاوەرە کەوتنەناو یاریی تیرۆریزمەوە. بە بۆچوونی ئێمە یارییەکەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەم دوو تاوەرە قوربانیی ئەو ئەرکەشبوون، کە هەڵیانگرتبوو. تەلارسازیی دوو تاوەرەکە بەهۆی بە هێمابوونیانەوە بوون بە بەشێک لە یاریی نێوان تیرۆریستەکان و جیهانگیریی و هاوکات دەمێکیش بوو ناچارکرابوون نوێنەرایەتیی هێزێکی جیهانیی بکەن، کە لە کۆتایدا ئەوە بووە هۆی لەناوبردنیان(Ibid,50).

جێگای ئاماژەپێکردنە، ئەو سیاسەتەی تەلارسازیی، کە مۆدێرنە پیادەی دەکرد فاکتەرێکی دیکە بوو بۆ بەهێماکردنی ئەو دوو تاوەرە و بەکاربردنی مانهاتانیش بۆ ئەو مەبەستە. هەڵبژاردنی مانهاتان، کە پەیوەندیی بە ڕووبەر و نشێوی شوێنەکە و پاشان پانتایی ناوچەکەوە هەیە، کارێکی وایکردبوو باوەش بۆ ئەم دوو تاوەرە بکاتەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە سیاسەتی مۆدێرنەوە هەیە لە دروستکردنی تەلار بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دژ بە شێوازە و پتر کار لەسەر جۆرە بەعەقڵانیکردنێکی تەلارسازیی دەکات(Ibid). ئەو خرۆشانەش، کە لە مانهاتاندا دیمان بەرهەمی لێوردبوونەوەی مۆدێرنە بوو، کە لە جیهانگیرییدا بەرجەستەبوو، ئەوە بوو دواتر بوو بەوەی هەموو بە چاوی خۆمان بینیمان لە چرکەیەکدا چی بەسەرهات(Ibid).

نەمانی دوو تاوەرەکە بۆ بۆدریار ئاماژەیە لەسەر خۆپاککردنەوەی دوو تاوەرەکە لە بەهێمابوونەکەیان. بە بۆچوونی بۆدریار ئەوەی ئەم دوو تاوەرە کردیان ئەوە بوو، کە ونبوون، بەڵام بۆدریار مەسەلەی ئەم ونبوونە بەوە لێکدەداتەوە، کە لە پاش ونبوونیان هێمایەکیان بەجێهێشت، کە هێمای ونبوونیان بوو. ونبوونیان بوو بە هێما(Ibid,50-51). ئەم دوو تاوەرە، کە خاوەنی دەسەڵاتێکی باڵابوون، بوونیان کردبوونی بە هێمایەکی جیهانیی و جوانکاریی بۆ ئەو دەسەڵاتە باڵایە، کە دواتر بوون بە هێمایەک بۆ ونبوونێکی نەشیاو. ئەم لایەنەش واتە بە هێمابوونیان ڕۆڵی دی لە ونبوونیان.

هێگارتی پێیوایە، کە بۆدریار پاش دوو کارە دیارەکەی سەبارەت بە تیرۆریزم(ڕۆحی تیرۆریزم، هێزی دۆزەخ) (Hegarty,2004,135) گریمانەیەکی لە بارەی ئەم وونبوونە بەرباسخست. گریمانەکەش ئەوەیە، کە بە باوەڕی بۆدریار ئەم دوو تاوەرەی گەڕەکی مانهاتان ڕاستە ونبوون، لێ پاش ئەوە ئاکامێکی چڕیان لەبارەی ئامادەبوونیانەوە بەجێهێشت(Baudrillard,2002a, 51.). هەموو ئەمانەش ئاماژە بەوە دەکەن، کە لێدانی ئەم دوو تاوەرە کارێکی هێمایی بوو. ئەڵبەتە هێماییبونی پرۆسەی لێدانەکە، یان پەلامارە تیرۆریستییەکە بۆ ئەو هێمایە دەگەڕێتەوە، کە ئەو دوو تاوەرە لە ناخی خۆیاندا حەشاریاندابوو.

بەواتایەکی تر، دوو تاوەرەکەی مانهاتان بەدەستی خۆیان کۆتاییان بە ژیانی خۆیان نەهێنا،

بەڵکو ئەوە جیهانگیریی و تیرۆریزم بوو ئەوەی بەسەردا هێنان. ئەمان، کە هیچ سوودێکیان لە بەهێمابوونی خۆیان وەرنەگرت، ئەوا لە کۆتاییدا وەک شەهیدیش سەیرنەکران. ئەمەیش یەکێکە لە رووەکانی چارەنووسی جوانکاریی لە کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرن. لەم بارەیەوە بۆدریار پێیوایە، بە فەزڵی تیرۆریزم مەڵبەندی بازرگانیی جیهانی بوو بە جوانترین تەلاری جیهان و بە هەشتەم موعجیزەی جیهانیش(Ibid,52 .). ڕەنگە ئەمە بۆ بیرمەندێکی سویدی وەک فرێدریک سڤێنۆس Fredrik Svenaeus بەو جۆرە نەبێت. سڤێنۆس هزری پۆستمۆدێرنانەی بۆدریار و هاوتەمەنەکانی بە بەسەرچوو دەزانێت(Svenaeus,2020). بەڵام گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە رووداوەکانی٩/١١ بۆ سەر دوو تاوەرەکە هەر تەنیا تەلارسازیی مۆدێرنی رۆژئاوایی نەگرتەوە،بەڵکو ئەوەشی نیشاندا ئەوەی بەهۆی ئەو هێرشە تیرۆریستییەوە لە مانهاتاندا وێرانکرا یەکێک بوو لە سەرنجڕاکێشترین تەلاری جیهان. ئەمەو هێرشە تیرۆریستییەکە بووە هۆی کوشتنی جوانکاریی، فەوتاندنی ئەو بەها جوانکارییانەی، کە شارستانیی نوێی رۆژئاوا پێیدەنازێت.

وێڕای ئەوە، شاری نیویۆرک، لەگەڵ کردەی تیرۆریستی رووداوەکانی ١١ ی سێپتەمبەر، پتر لە شارە جیهانییەکانی تر ناوی کەوتەناوانەوە و ئەوەش، کە لە نیویۆرک سەبارەت بەم دوو تاوەرە ڕوویدا، کە رووداوی لەم شێوەیە لە مێژووی شاری مۆدێرن دەگمەنە، وێنەکردنی جۆرێکە لە کۆتایی دراماییەک، کە فۆڕمی ئەو تەلار و تیرۆریزمە ئابوورییە جیهانییەی لەناوبرد، کە مۆدێرنە بەرجەستەی دەکرد (Baudrillard, 2002a, 44-45). هەروەها دوو تاوەرەکە، کە فۆڕمی خۆی لە تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە وەرگرتبوو، بە جیاواز لەگەڵ هەندێک تەلاری تر، دوو تاوەری هاوشێوە و دووانەیی بوون.

## بەشی چوارەم: رووداوی تیرۆریستی جیهانیی هێماییە

### خواستی یەکەم: رووداوی جیهانیی

رووداوەکانی ١١ ی سێپتەمبەر بۆ بۆدریار بێوێنەن و هیچ یەکێک لە رووداوەکانی پێشتر ئەو شوێنەیان نەبووە، یان شوێنی بەم شێوەیە یان بۆ خۆیان نەدۆزیوەتەوە. رووداوێکی لەم جۆرە تەنیا بەهۆی رەهەندە سیاسییە جیهانییەکەیەوە توانیویەتی ئەو وێنەیە لە ئەندێشەی بۆدریار دروستبکات نەک شتێکیتر. هۆی ئەمەیش تەنیا بۆ مەزنیی رووداوەکە ناگەڕێتەوە، بۆ ئەوەیش دەگەڕێتەوە، کە شوێن و چرکەی رووداوەکە واتایەکی زۆریان بۆ ئەو شێوە ڕوونکردنەوەیە هەیە، کە بۆدریار بۆی دەکات.

بۆدریار لە توێژینەوەکانیدا سەبارەت بەو کردارە تیرۆریستییە جەخت لەوەدەکات، کە ئەوەی لە مانهاتان ڕوویدا، واتە هاتنەخوارەوەی دوو تاوەرەکەی مەڵبەندی بازرگانیی جیهانیی، کە رووداوێکی هێمایی بوو، ئۆباڵی روودانەکەی دەخاتە پاڵ ئەو رەوتە جیهانییەی، کە مرۆڤایەتیی پێوەیگلاوە، واتە جیهانگیریی(Baudrillard, 2002b). هەر ئەو رەوتەش وایکرد، کە ئەم رووداوە ببێتە رووداوێکی جیهانیی. رووداوەکە، کە لە ناوچەی مانهاتان لە نیویۆرک ڕوویدا، بەجۆرێک ڕوویدا، کە کەم کەس لە گۆی زەوی هەبوو نەیبینێت و نەیبیستبێت. لەگەڵ روودانی رووداوەکەش نەکهەر ناوی ئەمەریکا

کەوتە بەر زۆرترین گۆکردنەوەوە، بەڵکو ناوی "ناوەندی بازرگانیی جیهانیی" یش، کە دەکەوێتە "گەڕەکی مانهاتان" ەوە، ئەمجار خودی گەڕەکەکەش، واتە مانهاتان، کە دەکەوێتە نیویۆرکەوە، دواتر ناوی شاری نیویۆرک، کە دوو تاوەرەکەی لەباوەشگرتووە، هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە لە رۆژێکدا چەندینجار لەلایەن خەڵکی سەر گۆی زەوییەوە گۆدەکران و لە میدیای جیهانیشدا ناویاندەهات. هەر ئەمەش ئاماژە نییە لەسەر جیهانیبوونی رووداوەکە، بەڵکو ئەوەش، کە ئەم رووداوە جیهانی سەرلەنوێ دابەشی دوو کردەوە.

تیرۆریزم، لەو فۆرمە جیهانییەی خۆی، ئەو رووداوەشە، کە جەنگێکی هێنایەکایەوە بەناوی "جەنگ دژ بە تیرۆر"، کە بوو بە باوترین و زاڵترین دەربڕین لە ئەدەبیاتی سیاسیی و هزری چاخی زانیارییدا، هەر ئەم رووداوەش دەرگای لە سەدەیەک کردەوە، کە جەنگ، یان دژایەتیی بۆ لەمەولا دەخاتە نێوان دوولا، یان دوو بەرەوە: بەرەی تیرۆریستەکان و بەرەی دژە تیرۆریستەکان، یاخود دوژمنانی جیهانگیریی رۆژئاوایی و لایەنگرانی ئەم جیهانگیرییە. بەم جۆرە تیرۆر بەشێکی لە دڵی ئەو کولتوورەشدا ئامادەیە(جیهانگیریی رۆژئاوا)، کە بەرەنگاریی تیرۆر دەبێتەوە( Baudrillard, 2002a,11).

## خواستی دووەم: رووداوی هێمایی

روونکردنەوەی هێما و ئەو سیستێمە بەرخۆرییە ئابووریی و حاکمدارییە سیاسیی و کولتوورییەی رۆژئاوا بەشێکە لە گفتوگۆ سیاسییەکانی بۆدریار. رووداوەکانی ١١ ی سێپتەمبەر، کە خۆیان وەک رووداوگەلێکی هێمایی (Symbolique evenement ) ( Baudrillard, 2019, 1993 )دەرخست و بەرهەمی ئەو جیهانگیرییەشن، کە ئێستا لە گشت شوێنێکدا کارایە، ڕۆژی لەدایکبوونەکەی ڕۆژێکی هێماییە، نەک راستەقینە (ڕیال) (Baudrillard, 2002a, 2007). گەورەیی ئەم رووداوە وا لە بۆدریار دەکات، کە رووداوی راستەقینە لە رووداوی هێمایی جودابکاتەوە(Rognlien,2013). بۆدریار گشت رووداوەکانی رابوردوو بە جەنگ و ئاشووب و تەنانەت گینۆسایدیشەوە بە رووداوگەلێکی ڕاستەقینە دەناسێنێت و بەرانبەر بەوانە ئەوەی ڕۆژی ١١ ی سێپتەمبەر بە رووداوێکی هێمایی جیهانیی دەناسێنێت.

لەبەرئەوەی بەبۆچوونی بۆدریار تێپەڕاندنی توندوتیژی بەس نییە بۆ گفتوگۆکردنی ڕیالبوون، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، کە خودی ڕیالبوون ونە(Baudrillard, 2002a, 2007). لەم رووەوە بۆدریار دەیەوێت گرنگیی بەبوونی توندوتیژی هێمایی بدات، نەک توندوتیژی ڕاستەقینە. ئەمەیش لەبەرئەوەی ئەم فەیلەسوفە تەنیا توندوتیژی هێمایی بە توندوتیژیەکی دەگمەن دەزانێت(Ibid). بۆیە بۆدریار لە سەرەتای نوسینی (ڕۆحی تیرۆریزم) دا جەخت لەوە دەکات، کە تائێستا گەلێک رووداوی جیهانیمان، یان گەلێک زەبر و رووداومان لە جەنگەوە بۆ گینۆساید ڕێکەوتکردووە، بەڵام تا ئەمرۆ ڕێکەوتی رووداوێکی هێمایی جیهانیی لە شێوەی رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرمان نەکردووە"(Baudrillard,2007 ). سەرباری ئەوە، بۆدریار وەک دوژمنی سەرسەختی تەوژمی جیهانگیریی ئەمەریکیی و رۆژئاوایی، رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر بە هێمایەک دەزانێت بۆ

ڕەتکردنەوەی ئەو تەوژمە. بەبۆچوونی بۆدریار ڕووداوەکانی پێشتر، واتە پێش سەرهەڵدانی ئەم تەوژمە، دەکرێت وەک ڕووداو تەماشابکرێن، بەڵام پاش ئەم ڕووداوە و ئەو هێرشەی کرایەسەر ناوەندی بازرگانیی جیهانیی لە نیویۆرک، ناشێت بیر لە ڕووداوەکانی دیکە بکرێتەوە(Baudrillard,2002a,2002b). ئەم جۆرە هێرشە پەلاماردانێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو هێمایی بوو و هێما دروستکەریش بوو. ئەڵبەتە، بۆدریار شارەزای ووردی بابەتی هێماناسییە و پێش نوسینی کتێبی " ڕۆحی تێرۆریزم" لە ساڵی ١٩٧٦ دا لە کتێبی "هەڵاوگۆڕانی هێمایی و مەرگ"دا (Baudrillard,1993) بەوردیی لە بەهێمابوون دواوە.

هێرشکەرانی سەر مەڵبەندی بازرگانیی جیهانیی لە هزری سیاسیی بۆدریاردا خۆیان وەک هێزگەلێکی هێمایی بەرجەستەکردووە، لێ بۆدریار تاکڕەهەندی هێز بە بەرپرسیار دەزانێت سەبارەت بە ڕووداوەکان(Baudrillard,2002a, 76) . ئەم هێزە هێماییەی بۆدریار باسیدەکات، کە هێزی تێرۆریستەکانە پەلاماری دەسەڵاتێکی هێمایی تریان داوە، کە مەڵبەندی بازرگانیی جیهانیی کردووە بە هێمای بوونی خۆی. واتە تێرۆریستەکان بیریان لە لێدانی ئەو شوێنە کردووەتەوە، کە دەسەڵاتە هێماییەکەی ڕۆژئاوای تێدا کۆبووەتەوە.

بەپێی ئەوە بێت لای سەرەوە خرایەڕوو، شیاوە ئەوە بگوترێت، کە تێرۆریستەکان، بۆدریار گوتەنیی، کە داڕمانی دوو تاوەرەکەیان بەچاوی خۆیان نەبینی، کارە تێرۆریستییەکەیان زۆر لەو هێرشە تێرۆریستییە هێماییتر بوو، کە کرایەسەر پنتاگۆن. واتە ئەو هێرشە تێرۆریستییەی کرایە سەر مەڵبەندی بازرگانیی جیهانیی بە داڕمانێک کۆتاییهات، هێمایی بوو. ئەو هێمایەش سەرچاوەی لەو دوو تاوەرەوە هەڵدەگرت، کە کرابوون بە هێما بۆ خودی دەسەڵاتی ئابووریی جیهانیی(Baudrillard,2002a,2007).

لە هزری سیاسیی بۆدریارەوە سەبارەت بەهێمابوون ئەوەش فێردەبین، کە لە ئاگایی تێرۆریستیی پەلاماردەراندا هێمای دەسەڵاتی ئابووریی جیهانیی سێکوچکەیی بووە و هەر بۆیشە بەرەو سێ شوێن لەیەک کاتدا هەڵفڕیوون، کە هەریەکەیان لە فەرهەنگی دەسەڵاتی جیهانییدا هێمای خۆی هەیە (Baudrillard,2007)(هێمای ئابووریی، سیاسیی و سەربازیی). بەم جۆرە بێت، دوو تاوەرەکە وەک شوێنی دابەشکردنی ئابووریی بە واتای پارە و داهات هەڵبژێردراون و کۆشکی سپییش وەک ناوەندی بڕیاری سیاسیی و سێهەمیش، کە پنتاگۆنە، وەک قەڵای سەربازیی لە چاخی تازەدا. ئەم بیریارە لە ڕاڤەکردنەکەیدا تەنیا جەخت لە هێمای یەکەم دەکاتەوە و هەر ئەم هێمایەشی دواتر کردووە بە دەروازەی گفتوگۆکانی.

ڕووداوەکانی ١١ ی سێپتەمبەر کارێکیوایانکرد، کە هێزەکان بەهۆی ئەم هێرشەوە بەر گۆڕان دەکەون، بەتایبەت گۆڕانی ڕۆڵەکان. ئەمە بەو مانایەش دێت، کە بۆدریار دەخوازێت ئەوەمان پێبڵێت، کە تێرۆریستەکان دەیانەوێت گۆڕانی گشتیی لەناو دڵی تێرۆریزمی ئابووری جیهانییدا بکەن، بەڵام تێرۆریستەکان بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانە ئەنجامبدەن پشت بە مەرگی خۆیان دەبەستن. واتە تێرۆریستەکان بە پێشکەشکردنی مەرگی خۆیان گۆڕینی ڕۆڵەکان دروستدەکەن. ئەمەیش لەلای بۆدریار ئەوە دەگەیەنێت، کە "تێرۆر دژ بە تێرۆر ئەنجامدەدرێت. ئەم کارەش بۆ لەمەولا ناشێت

هیچ ئیدیۆلۆژیایەکی بدرێتەپاڵ"(Baudrillard,2002a,9 )، بۆیە هەردەم مەیلێک لەئارادابووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خودی ڕووداوەکە وەک ڕووداوێکی تاک و بێ وێنە(Achcar, 2003,8). لەسەر ئەو بنەمایە لە هزری سیاسیی بۆدریاردا وێناکردنەکان بۆ ڕووداوەکانی مانهاتان و پنتاگۆن بەرهەمی ئەو هەموو هێما و نیشانانەن، کە دواتر ڕووداوەکانی ١١ ی سێپتەمبەری خستەوە(Baudrillard,2002a). ئەو هێمایەی خۆی لە مانهاتان مەڵاسدابوو ئەو هێمایە بوو، کە شارستانیی ڕۆژئاوا لەژێرسایەی دەسەڵاتە سیاسیی و ئابووریی و کولتوورییەکەی ساڵەهایە پەروەردەی دەکات و دواتر هێمای ناوبراوی بەرەو شوێنێکی تر گوازتەوە، کە ئەمەریکایە. بۆیە ناکرێت بگوترێت ئەو هێمایەی لە مانهاتان دروستبوو تەنیا بەرهەمی ئەمەریکایە، ئەو هێمایە بەرهەمی گشت گوتاری ڕۆژئاوایە هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەتا کاتی لێدانی دوو تاوەرەکە. ئەمە وەکیتر، ویستی تیرۆریستەکان بۆ تێکدانی هێمای ڕۆژئاوا ئەو ئامانجەش ڕووندەکاتەوە، کە لە پشت دروستبوونی خودی بەهێمابوونی ناسنامە و نەریتی بەرۆژئاوابوونی ڕۆژئاواوە بووە.

لە بۆچوونە سیاسییەکانی بۆدریارەوە ئەوەش فێردەبین، کە ڕووداوی ١١ ی سێپتەمبەر سێمانتیکیی (واتاناسیی) ڕووداوی گۆڕی و ئەو واتا سیاسییەشی لەبنڕا گۆڕی، کە هەمیشە ڕاهاتبوو لەسەر ڕوونکردنەوەی ڕووداو و کاتاسترۆف(بەڵا) بدوێت. ماهیەتی ئەو گۆڕانەش، هەروەک لەمەوبەر ئاماژەمانپێکرد، بەهۆی خستنەوەی ئەو هێمایەوە بوو، کە لەپاش خۆی خستیەوە.

بە بۆچوونی بۆدریار ئەو هێرشە سەربازیەی هێزی جیهانی لە پاش ڕووداوەکان ئەنجامیدا تەنیا وەڵامێکی دەروونی بوو. واتە ئەو جەنگەی، کە هێزی جیهانی بەرپایکرد وەڵام بوو بۆ هێرشێک نەک بۆ هەڵاوگۆڕانی هێمایی. هەڵاوگۆڕانی هێمایی ئەوە بوو، کە لە سێپتەمبەر ڕوویدا، کە ناشێت هەمان شت بکرێتەوە. بەبۆچوونی بۆدریار ئەوەی ڕوویدا، واتە هەڵاوگۆڕانە هێماییەکە، ناکرێت بە بۆمببارانکردنی ئەوانی تر و زیندانیکردنیان لە گوانتەنامۆ وەڵامبدرێتەوە(Merrin,2005).

## بەشی پێنجەم: تیرۆر بە پێی جیهانگیریی و توندڕەوی ئیسلامیی

### خواستی یەکەم: جیهانگیریی و تیرۆر

جیهانگیریی و تیرۆر شانبەشانی یەکتر لە هزری سیاسیی بۆدریاردا گرنگیی خۆیانیان هەیە. ئەڵبەتە بۆدریار کاتێک سەرنجی خستەسەر جیهانگیریی، کە 11 /9 ڕوویدا(Kellner,2005)، بەڵام لە ساڵانی ١٩٩٠ کانەوە بۆدریار کەوتووەتە ڕەخنەگرتن لە تیرۆرە ئابووریی و ئێدیۆلۆژییەکان و ڕەتکردنەوەی جەوهەری دێموکراسیی و پەیامە هیۆمانییەکانی ماف و سیاسەتی جیهانی ئەمڕۆ، کە جۆرە تیرۆریزمێکی جیهانگیرییانەی پێکهێناوە. ڕەخنەگرتنی بۆدریار لە تیرۆریزم دوو لایەنەیە. لەلایەک لەو هێزانەیە لەپشت ڕووداوەکانی١١/ ٩ بوو. لەلایەکی تر لەو تیرۆریزمەیە لە هەناوی جیهانگیرییدا پەنهانە، واتە لەو دەسەڵات و ڕێگایانەی ئابووریی ڕۆژئاوا گرتوویەتیەبەر.

وێڕای ئەوە، بۆدریار جیهانگیریی وەک هۆکارێک بۆ دروستبوونی ڕووداوە تیرۆریستییەکانی ٩/١١ تەماشادەکات. واتە کولتوور و سیاسەت و ئابووریی لیبرالیزم لە ئەمڕۆدا بەوە تاوانباردەکات، کە

لە پشت هاتنەکایەوەی ئەم رووداوەوە بوون، ئەوەیش مانای ئەوەیە، ئەوەی روویدا لەخۆمانەوە نزیکە و بەرهەمی خۆمانیشە. لە هەمانکاتدا بۆدریار ئەو کردەوە تیرۆرییەی ١١/ ٩ بە دەرئەنجامی "قۆرخکردنی دەسەڵاتی جیهانی" لەلایەن ئەمریکاوە لەقەڵەمدەدات(Lundberg,2022).

سەرباری ئەوە هزری سیاسیی بۆدریار ئەو تێگەیشتنەشمان لا دروستدەکات، کە بەکاربردنی ئاڵوگۆڕی بازاڕی بۆرسە و زانیاریی ئێلەکترۆنیی و هاتوچۆی هەوایی لەو ئامڕازانە بوون، کە تیرۆریستەکان هەر لە سەرەتاوە خۆیان بۆ بەکاربردنی تەرخانکرد. ئامڕازەکانی چاخی زانیاریی پاش گەشەکردنی هەر بەدەست جیهانگیرییەوە نەبوو، بەڵکو هەندێکی کەوتە بەربەکاربردن لەلایەن تیرۆریستەکانیشەوە. ئەمەیش تاڕادەیەک لووتبەرزیی بۆ تیرۆریستەکان دروستکرد، کە توانیان بەخودی ئامڕازەکانی جیهانگیریی رووبەڕووی جیهانگیریی رۆژئاوایی ببنەوە.

بۆدریار باس لەوە دەکات، کە جیهان هەمیشە جیهانگیری رەتدەکاتەوە، ئەو جیهانگیرییەی لەناو پێگەی دەسەڵاتدا بێت(Svenberg, 2020, 9). ئەم جیهانگیرییە، کە لە ئەمەریکادا کۆببوەوە هەیبەتێکی سیاسیی بۆ مسۆگەرکردبوو، کە زۆرترین هێزی لە بڕیاردان و رەوایەتیپێدانی پێبەخشیوە. ئەو هێزەش، کە جۆرە سیاسەتێکی راستەقینەی لە ئەمەریکادا هێناوەتەدنیاوە زۆرترین دوژمنی بۆخۆی لەو شوێنانەدا پەیداکردووە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە شێوازی ژیانی رۆژئاواوە نییە.

لە هزری سیاسیی بۆدریاردا ئەوە روونە، کە تیرۆریستان لە یاساکانی سەرمایەداری رۆژئاوا شارەزا بوون (Baudrillard, 2002a, 26)، بۆیە ئەو هێرشە تیرۆریستییەی ١١/ ٩ بۆ هێنانەخوارەوەی هێمایەک بوو ئارەزووی قۆرخکردنی گەردوونی دەکرد، بەڵام ئەو تیرۆریزمە سیاسیی و ئابوورییەی ئەو هێمایەی هێنابووەدنیاوە، نەکهەر ددانی بە هاتنەخوارەوەی هێماکەدا نەدەنا، بەڵکو بەجۆرێک تراژیدیاکەی ئەهۆنییەوە، کە توانیی وەک گەورەترین کارەساتی ناو مێژووش پیشانیبدات.

تیرۆریستەکان، کە نوێنەرایەتی ئەویترگەریەکیotherness رادیکالدەکەن(Coulter,2015,7) وای بۆدەچن ئەوە جیهانگیرییە، کە ناڕەوایی بە جیهاندا بڵاوکردووەتەوە و لە هێنانەخوارەوەی ئاستی بەها مرۆییەکانیش بەرپرسیارە. تیرۆریستەکان، کە دوژمنی سەرسەختی جیهانگیریین لە لایەن بۆدریارەوە لە ئیسلامییەکان جیادەکرێنەوە. ئەو تیرۆریزمەی لەگەڵ هێرشە تیرۆریستییەکەی ١١/ ٩ سەریهەڵدا خۆی وەک نەیاری بەردەوامی جیهانگیریی رۆژئاوایی نمایشدەکات. ئەم جۆرە لە توندوتیژیی لە کوێ جیهانگیریی بەهێز بێت لەوێ چالاکە. ئەمە ئەوەش دەگەیێنێت، کە تیرۆریزمی نوێ، کە تیرۆریزمی چاخی زانیاریی تەکنەلۆژییە، بەپێچەوانەی گشت فۆرمەکانی تری تیرۆر کاردەکات. هاوکات بەپێێ ئەو نادیارییەی لە پەیامە سیاسیی و ئابوورییەکانی جیهانگیریی رۆژئاوادا هەیە کێشەی سیاسیی ئەم جۆرە لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی روون نییە.ئەم تیرۆریزمە هەر لە تیرۆریزمە ناوخۆیەکان جودا نییە، بەڵکو لەو تیرۆریزمە دەوڵەتییەش جودایە، کە پێشتر لە ناوەوەی دوو جەمسەرەکەی جەنگی سارددا پیادەدەکرا(Baudrillard, 2002a, 26).

بۆدریار ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت، کە رەوتی باڵادەستی تیرۆر لە ئەمڕۆدا بەرهەمی مێژووی نەریتێک نییە لە ئاژاوەگەریAnarchism ، هیچگەرایی و دەمارگیریی Fanatisme ، بەڵکو بەبۆچوونی ئەم بیریارە ئەوەی لەئارادایە ئەوەیە، کە ئەو تیرۆرە هاودەمی جیهانگیرییە و خودی

تیرۆریستەکانیش بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان سودێکی زۆریان لە مۆدێرنە و جیهانگیریی رۆژئاوا وەرگرتووە(Coulter,2015,, 9).

## خواستی دووەم: جیهانگیریی رۆژئاوا لە بەرامبەر توندڕەوی ئیسلامیی دا

پاش رووداوەکانی ١١/ ٩ لە میدیاکانی رۆژئاوادا قسەیەکی زۆر هاتەسەر جیهانگیریی رۆژئاوا لە بەرامبەر توندڕەوی ئیسلامیی. ئەمەش تارادەیەکی زۆر وایکرد، کە ئیسلامییەکان بە تیرۆریستەکان هاوشێوەبکرێن. هۆکاری سەرەکیی ئەو هاوشێوە کردنەش، بەبۆچوونی ئێمە، بۆ سێمانتیکی سیاسیی ئیدارەی ئەمەریکیی دەگەڕێتەوە، کە سەرەتا ئەو رووداوەی بە ئاین و کولتووری تیرۆریستەکانەوە بەستەوە. واتە هاوشێوەیەکە پێشتر لە گوتاری سیاسیی کۆشکی سپییەوە هاتە ناو میدیای رۆژئاواوە. لەم بارەیەوە هزری سیاسیی بۆدریار بەرەو ئەو تێڕامانەمان دەبات، کە تیرۆریستەکان، کە زۆرجار وەک کەسانێک، یان تاقمێک هەروەها ڕێکخراوێکی ئەنتی(دژە) ئەمەریکیی نیشاندەدرێن، ئامانجی بنەڕەتییان رەتکردنەوەی شێوازی ژیانی رۆژئاواییەکانە، کە سەرچاوە لەو تەوژمە بێبەزەییە ئابووریی و کولتوورییەوە هەڵدەگرێت، کە پێیدەڵێن جیهانگیریی. بەڵام رووداوەکانی ١١/ ٩ ئەوەشی سەلماند، کە جیهانگییری لەگەڵ خودی خۆیدا لە ناکۆکییدایە(Baudrillard, 2002a, 93).

ئەم جۆرە هێرشکەرانە لە وێنەی ئەوانەی پەلاماری ناوەندی بازرگانیی جیهانییان دا، لە گشت شوێنێک هەن، بەڵام رەنگە بەشێک لە ئێمە ئەو جۆرە ئامادەبوونەی ئەو هێرشکەرانە بەوە لێکبداتەوە، کە ئەمانە هێزگەلێکی مێتافیزیکیی هەمیشەیین و ئامادەبوونیشیان لەو فۆرمە بەشێکە لە چارەنووسمان. ئەوەی لەم بارەیەوە لە نائاگایی فەلسەفیی بۆدریاردا، بەدیدەکەین، ئەوەیە، کە رۆژئاوا ئەو کولتورانە رەتدەکاتەوە، کە تازەگەری بەمانا گەردوناوییەکەی پەسەندناکات(Ibid, 91).

تیرۆریستەکان، لە هزری سیاسیی بۆدریاردا، لەبەرئەوە هەن بۆ ئەوەی بەدوای گشت تیرۆرێکی قۆرخگەرادا بکەون. ئەمەو بۆدریار لە شیکارییەکانیدا بۆ رووداوەکانی مانهاتان تیرۆریستەکان وەک هەڕەشە بۆسەر ئەو بنیاتە سیاسیی و ئابوورییە جیهانییە تەماشادەکات، کە لە گشت شوێنێکدا ئامادەیە. ئەوەی لەم رووەشەوە جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە بۆدریار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە گشت سیستەمێکی جیهانی پێویستی بە جەنگە(Ibid , 93-94) و ئیسلامیش، کە خۆی بە بەشێک لەو سیستەمە جیهانییە دەزانێت لەڕێگای جەنگەوە دەکارێت خۆی نمایشبکات.

ئەو کردە تیرۆریستییەی لە نیویۆرک روویدا لە ڕوانگەی بۆدریارەوە زەنگی شارستانیی، یان ئاین نەبوو، بەڵکو جۆرێک بوو لە دژەگەرایی نێوان رۆژئاوا و دژە رۆژئاواییەکان. هاوکات ئەوەی روویدا روبەرووبونەوەی راستەوخۆی نێوان ئەمەریکا و ئیسلام نەبوو. ئەمەش لەبەئەوەی ئەمەریکا، کە سەنتەری جیهانگیرییە، ئەلبەتە لەگەڵ رۆژئاوادا نەک بەتەنیا، ئیسلامیش هاومانای تیرۆریزم نییە، ئەگەرچی تارماییەکەی بەکاردەبات، هەروەک ئەوەی ئەمەریکا تارمایی جیهانگیریی بەکاردەبات(Ibid, 93). هاوکات لە دیدی سیاسیی بۆدریاردا گوزارەی جەنگی پۆست مۆدێرن ئەو جەنگەیە، کە لەنێوان دوو جۆر لە تیرۆریزمدایە. جەنگی لەم جۆرە جەنگی نێوان تیرۆریزمی ئیسلامیی و جیهانگیریی رۆژئاواییە. ئەم جەنگە درێژەدەکێشێت، لێ هەردوولا سازش لەسەر

هەندێک بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن و جارجارەش دەوەستێت، لێ دواتر لە فۆرمی زۆر توندتر لە پێشوو سەرهەڵدەداتەوە.

لە ئاگایی فەلسەفییانەی سیاسیی بۆدریاردا ئیسلام و تیرۆریزم هاوشێوەی یەکتر نیین. ئیسلام هەوڵی قۆرخکردنی جیهان دەکات، ئەمە وادەکات تیرۆریزم دژ بە ئیسلام بجوڵێت. هاوکات تیرۆریزم، بەقەولی بۆدریار، ناڕەوشتییە(Baudrillard,2002a, 2007 ). ئەم ناڕەوشتییەی تیرۆریزم وا لە بۆدریار دەکات تیرۆریزم وەک دیاردەیەکی بڵاو تەماشابکات. تەنانەت بۆدریار لەمیانەی قسەکانیدا ئیسلامیش بە ڤایرۆسێک دەچوێنێت، کە لە گشت جێگایەکدا ئامادەیە(Ibid). ئەو ئیسلامەی بۆدریار باسیدەکات ئیسلامێکی جیهانییە. ئەم ئیسلامە جیهانییە وەڵامێکە بۆ جیهانیبوونەکەی رۆژئاوا(جیهانگیریی سەرمایەداریی). گەر ئیسلام ئاوا جیهانیبێت، ئەدی ئایندەی سەرکەوتنی جیهانیانەی هێزی ئابووریی رۆژئاوا، کە لەپاش داکەوتنی کۆمۆنیزم هاتەدی، چۆن دەبێت؟ چۆن ئەم هێزە، کە هێزێکی ئابووریی توندە، دەتوانێت بەرانبەر بەم ڤایرۆسە خۆڕاگربێت، کاتێک، کە بەباوەڕی ئێمە، جیهانگیرییش لە خودی خۆیدا ڤایرۆسێکی ترە؟ لەو یارییەشدا، کە پێیدەڵێین یاریی دژەگەرایی، ئیسلام توانی واتا بۆ دژەگەرایی Antagonism بدۆزێتەوە. ئەم دژەگەراییە، بەباوەڕی بۆدریار، لەهەموو شوێنێکدا و تەنانەت لەناو گشت یەکێک لە ئێمەیشدا ئامادەیە. بۆدریار ئەمەش بە تیرۆر دژبە تیرۆر ناودەبات(Ibid). ئەگەرچی خۆ دەربازکردن لە دژەگەرایی ئەستەمە، لێ بەپێی بۆدریار ئەوەی لە مانهاتان روویدا تیرۆرێک، یان چاکترە بڵێین رووداوێکی ڕەها بوو(Kellner,2005). ئەم رووداوە رەهایە جەنگێک بوو، کە تەواوکەری جەنگە جیهانییەکانی ترە. ئەمە وامان لێدەکات، کە بیرکردنەوەکانی بۆدریار تێبپەڕێنین و بڵێین ئەو جەنگە جیهانییە چوارەمەی بۆدریار درکاندی، بریتییە لەو جەنگەی لەنێوان دوو لایەنی جیهانییدا خۆی پەنهانداوە (Baudrillard, 2002a, 101)، بەڵام ئەوەی تیرۆریزم کردی ئەوە بوو لێهاتوانە شوێنی ئیسلامیی گرتەوە، کەواتە ئیسلام کەوتە بەر بەکاربردنێکی فێڵاوییانەی جیهانگیرییەوە. لەسەر ئەم بناغەیە جەنگی جیهانی چوارەم جەنگی جیهانگیریی بوو(Baudrillard,2004)، جەنگێک بوو، کە لەنێوان دوو باڵی جیهانگیرییدا(جیهانگیریی رۆژئاوا و جیهانگیریی ئیسلامی) هاتەکایەوە. تیرۆریزمی جیهانگیریی ئەو جۆرە تیرۆریزمەیە نوێنەرایەتی دەوڵەمەندان دەکات، هەرچی تیرۆریزمی خۆکوژییە خۆی بە نوێنەری هەژاران دەزانێت. بەم شێوەیە، ئەم دووەم جۆرەی تیرۆریزم، کە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای زانیاریی لەبەردەستدایە ئەو جۆرەیە، کە دەمانترسێنێت و لە گشت شوێنێکیش ئامادەیە.

بەڵکو لەوانەش ترسناکتر، ئەوەیە، کە بەهۆی رووداوەکانی مانهاتانەوە خەریک بوو باسبێتە سەر ئەوەش، کە کەسانێک سەریانهەڵداوە دەیانەوێت ئاینمان لێبستێننەوە و لەبری ئەوە ئاینی خۆیانمان پێبدەن. جا ئەوەی بۆدریار لەم رووەوە زۆر جەختی لێدەکاتەوە ئەوەیە، کە لە روانگەی رۆژئاواوە بوونی بیرکردنەوەی تر، یان تایبەت تاوانە گەر لە بیرکردنەوەی مۆدێرنە نەچێت(Merrin,2005).

## دەرئەنجام

١/ هزری سیاسیی ژان بۆدریار تەنیا هزرێکی سیاسی رووت نییە، ئەم هزرە بە هزرێکی فەلسەفییشەوە لێکئاڵاوە. بۆیە شیکاریی دیاردەی تیرۆریزم تەنیا دەرگا لە دیدی سیاسییانەی بۆدریار ناکاتەوە، بەڵکو فەلسەفەکەشی.

٢/ لە هزری سیاسیی بۆدریار دا رەخنەییەکی توند دژ بە شارستانیی رۆژئاوا پیادەدەکرێت و تۆمەتێکی گەورەش دەخرێتە پاڵیەوە و بەوەیش تاوانباریدەکات، کە ئەوە رۆژئاوایە ئەو تیرۆرەی بەرهەمهێناوە، کە لە هەنووکەدا تێیدا دەژیین. بەپێی ئەم هزرە رووداوەکانی ٩/١١ هۆکارێکی سەرەکیی بوون، نەک هەر بۆ چاندنی ئەو دوژمنگەرایییەی لەناخی گشت کەسێکی رۆژئاوایی و غەیرە رۆژئاواییدا، بەڵکو رۆژئاوایەکی تریشی نیشاندایین، کە دەیەوێت بەڕاشکاویی رووبەرووی ئەوی تری غەیرە رۆژئاوایی ببێتەوە.

٣/ لە هزری سیاسیی بۆدریاردا ئەوە بەدیکرا، کە رووداوەکانی ٩/١١ هەڵاوگۆڕانێکی هێمایی جیهانیی خستەوە، بەڵام ئەوەشی کرد، کە ئەم رووداوە ببێتە هۆی تێکدانی ئەو یەکخستنە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەی، کە ساڵانێکی زۆر کاری بۆدەکرا بێتەدی.

٤/ گەیشتن بەو تێگەیشتنەی، کە دیاردەی تیرۆریزم بوو بەو چەمکەی شوێنی رووداوە سیاسییەکانی تر بگرێتەوە، لەوانە گینۆساید، نازیزم و کۆمۆنیزم، کە دواتر ئەوانەیش جەنگی سارد و پاشان جیهانگیرییان بەرهەمهێنا. کەواتە، دیاردەی تیرۆریزم دەیەوێت لەوە بکەوێت لۆکاڵیی بێت و کاری بەوەشەوە نییە چۆن تەماشادەکرێت. ئەوەی پاش رووداوەکانی ٩/١١ روویدا تەنیا دیاردەی تیرۆریزم نەبوو، بەڵکو هاتنی چاخێکیش بوو لە توندوتیژی، کە مرۆڤایەتیی ئاوا بەو شێوەیە جیهانییانەیە بەخۆیەوە نەیبینیبوو.

٥/ بۆچوونە سیاسییەکانی بۆدریار بەرەو ئەو شیکارییەمان دەبەن، کە توندوتیژیی جیهانگیریی رۆژئاوایی تەلارسازیی گرتەوە و ئەمەیش تەنیا لەبەرئەوەی مۆڵگەیەکی تری جوانکارییەکانی شارستانیی رۆژئاوا بوون. ئەمەو گەشەی دیاردەی توندوتیژی و تەنانەت دیاردەی تیرۆریزمیش ئەکەوێتە ئۆباڵی پرۆسەی جیهانگیرییەوە. بۆیە بۆدریار لە شیکردنەوەکەیدا نە کار بۆ جیاوازییکردن لەنێوان توندوتیژی و دیاردەی تیرۆریزم دەکات و نە مێژووی پەرەسەندنی توندوتیژی بەرباسدەخات و تەنانەت جیاوازیی لە نێوان فۆڕمەکانی توندوتیژیشدا ناکات. بۆدریار تەماشای توندوتیژی وەک دیاردەیەکی جیهانیی دەکات و دواتر تاوانی بەجیهانیبوونی ئەو توندوتیژیەش دەخاتە ئەستۆی پرۆسەی جیهانگیریی رۆژئاواوە.

٦/ هەڕەشەی تیرۆریستەکان، نەکهەر هەڕەشەیەکی فیعلییە بەڵکو هێماییشە و لە ناخی هەموانیشدا ئامادەیە. ئەو ترس و تۆقاندنەی کەوتنەخوارەوەی دوو تاوەرەکە تۆماریانکرد گشت ئەو باوەڕەی گۆڕی لەسەر ئاسایشی ئێلەکترۆنی رۆژئاوا هەبوو. لەسەر ئاستێکی دیکەش رووداوەکانی مانهاتان کارێکی وایانکرد، کە شیکردنەوە سەبارەت بە رووداوی تیرۆریستی لەسەر بناغەی هزری سیاسیی بۆدریار ئاڕاستەیەکی تر وەربگرێت.

## ليستى سەرچاوەکان:

Achcar, Gilbert.( 2003) Barbariernas kamp –11 september och den nya världsordningen.
Utgiven på Röda Rummets förlag. Översättning: Maria Sundvall. Available at: https://marxistarkiv.se/klassiker/achcar/barbariernas_kamp.pdf
Baudrillard,Jean.( 1990) Amerika. Översättning: Johan Öberg Göteborg : Korpen.
Baudrillard,Jean.( 1993) Symbolic Exchange and Death. Trans. Iain Hamilton Grant. Sage Publications.
Baudrillard,Jean.(1995) The Gulf War Did Not Take Place. Trans. Paul Patton Bloomington: Indiana University Press.
Baudrillard,Jean. (1998) The Consumer Society SAGE Publications Ltd; First edition.
Baudrillard,Jean.(2002a) The Spirit of Terrorism. Trans. Chris Turner. Verso: New York.
Jean Baudrillard .(2002b) Power Inferno ; Requiem pour les Twins Towers ; Hypothèse sur le terrorisme ; La violence du Mondial, Paris, éditions Galilée. Available at:
www.ctheory.net/text_file?pick=385
Jean Baudrillard.(2004) "This is the Fourth World War: The Der Spiegel Interview With Jean Baudrillard", in International Journal of Baudrillard Studies, Volume 1, Number 1.. Translated by Samir Gandesha.
Baudrillard,Jean. (2005)The Intelligence of Evil or the Lucidity Pact, Chris Turne New York: Berg Publishing.
Baudrillard,Jean.(2006) Virtuality and Events: The Hell of Power (in Jean Baudrillard. The Intelligence of Evil or the Lucidity Pact). Volume 3, Number 2. the International Journal of Baudrillard Studies. Trans. Chris Turner. Available at: https://baudrillardstudies.ubishops.ca/virtuality-and-events-the-hell-of-power/
Baudrillard,Jean.(2007) L'esprit du terrorisme. Available at: https://www.lemonde.fr/disparitions/article/2007/03/06/l-esprit-du-terrorisme-par-jean-baudrillard_879920_3382.html
Baudrillard,Jean. (2010) America. Trans. Chris Turner. Introduction: Geoff Dyer. Verso.
Baudrillard,Jean.(2019) For a Critique of the Political Economy of the Sign . Verso; Reprint edition.

Coulter,Gerry.(2015) Baudrillard on Terrorism and War in Times of Hyper-Mobility.
International Journal of Safety and Security in Tourism/Hospitality
Hegarty, Paul.(2004) Jean Baudrillard, Continuum London.
Kampmark, Binoy.(2003)Wars that Never Take Place: Non-events, 9/11 and Wars on Terrorism. Available at:
http://australianhumanitiesreview.org/2003/05/01/wars-that-never-take-place-non-events-911-and-wars-on-terrorism
Kellner, Douglas. (2005) Baudrillard, Globalization and Terrorism: Some Comments on Recent Adventures of the Image and Spectacle on the Occasion of Baudrillard's 75th Birthday. Volume 2, Number 1.
Lundberg, Johan. (2022) Terroristen som försvann, del 3 – Om hur postmodern filosofi radikaliserade forskning om terrorism. Available at:
https://doku.nu/2022/01/16/terroristen-som-forsvann-del-3-om-hur-postmodern-filosofi-radikaliserade-forskning-om-terrorism/
Merrin,William. (2005) 9/11 and the Gulf War Reloaded. Volume 2, Number 2.
Rognlien, Johanne Svendsen.(2013) As The Two Towers Fell . Lunds Universitet. Available at:
https://lup.lub.lu.se/luur/download?func=downloadFile&recordOId=3405475&fileOId=3405479
Svenaeus, Fredrik. (2020) Postmodernistiska syndabockar. Available at:
https://www.dagensarena.se/essa/postmodernistiska-syndabockar
Svenberg, Kristoffer. (2018) Ryggsäcken. Available at:
http://www.kristoffersvenberg.com/PDF/Ryggsacken%20CDG_2018.pdf